

سیروان حه نیفی
Sirwan_e@yahoo.se

# ئه ی ئاشنا!

ئه ی ئاشنا
تا ئه و ڕۆژه ی له ئاسمانی خه یاڵ ئه فڕیم و
له بانێژه ی یادی تۆدا ئه نیشتمه وه
نه تناسیم و نه تزانی
چه نده ده رویشی باره گای چاوانی تۆم
چلۆن مۆریدێک بووم له قیبله گای ڕۆخساری تۆ
هه ڵوه دایێک
دانه دانه پلیکانه کانی قه برستانێکی غه ریبی ماچ ئه کرد
ئه و به ردانه ی یه ک له سه ر یه ک
ڕێگایێکیان بۆ باوه شی تۆ کرد بوو

ئه ی ئاشنا
تا ئه و ڕۆژه ی له تۆفانی ده ریایێکی بێگانه دا
پاپۆڕێکم له خۆشه ویستی باڵای تۆ
به گژ شه پۆلی دلڕه قا دابوو
نه گێژ ه باو نه شه پۆلیش وره ی منیان نه ئه به زاند
ده سته کانم پڕ بوون له خه یاڵ و
چاوه کانم ته ژی له ڕازی تۆ
دلّم جمه ی ده هات له خۆشه ویستی و
بۆ پێشه وه دڵی ده ریام ئه بڕی

ئه ی ئاشنا
رۆژێک هێنده تێکه ڵاوی رۆحم بوی
ئه وه نده له گه ڵ یادت دا ڕێگام ئه بڕی
هه ناسه م تێکه ڵ به هه ناسه ت بوو بوو
هه ر ئه و ڕۆژه
له بیرم چو بمرم
که جێت هێشتم

ئه ی هه ناسه
به یانیکی نه ناسراو دێیه وه
له م به یانه بێ خۆره دا
له م به یانه بێ ڕه نگه دا
له م به یانه په ژمۆرده دا
چیدی من نیم
چیدی
من
نیم
.........
....

2007.03.18